



**رۆمانە نەمرەکان**

**ناوی کتێب: رۆمانی کاندید**

**نووسینی: ڤۆڵتێر**

**لەبلاوکراوەکانی کیسنجەر بۆبلیشنگ/ نیۆیۆرك 2005**

**ژمارەی لاپەرە: (388) لاپەرەی مام ناوەندی**

دانەری ئەم رۆمانە نووسەر و فەیلەسوفو شانۆکار و بیرمەندو شاعیرو رۆشنگەری رێنیسانس (فرانسوا ماری ئارویی)یە کە دواتر نازناوی دەبێ بە(ڤۆڵتێر). ساڵی 1694 لەپاریس لەدایك بووە، لەتەمەنی دە ساڵیدا پەیوەندی دەکات بەقوتابخانەی یەسوعی لیوسی گەورە، لەوێدا کۆمەڵێکی زۆر بیرەوەریو شتی سەیروسەمەرە کۆدەکاتەوە کە پاشتر دەبنە سوتەمەنی شۆڕشێکی گەورە دژ بەدەسەڵاتی ئاینی.

دوای تەواوکردنی خوێندنەکەیی و ئاشکرابوونی بلیمەتییە گاڵتەئامێزەکەی، باوکی لەگەڵ باڵیۆزی فەرەنسادا وەك سکرتێری باڵیۆزەکە دەینێرێت بۆ هۆڵەندە، چوار ساڵ لەهۆڵەندە بەسەردەبات، دواتر دەگەڕێتەوە بۆ پاریس، لەشیعرێکیدا هەجوی دۆق (دورلیان) کە جێگری عەرشە دەکات، لەبەرئەوە دووردەخرێتەوە، دوای تەواوبوونی ماوەی دورخستنەوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فەرەنسا، ئەمجارەیان هەجوی لویسی چواردە دەکات، بۆیە لەگرتوخانەی باستیل بەندیدەکەن، نزیکەی ساڵێك دەمێنێتەوە، لەگرتوخانەکەدا دەست دەکات بەنووسینو داهێنان، ناچار (دورلیان) ئازادی دەکاتو هەوڵدەدا زمانە تیژو زبرەکەی ڤۆڵتێر بکڕێ. ڤۆڵتێر پێی دەڵێ: (من سوپاسی خاوەنشکۆ دەکەم کە بایەخی بەخواردنو خواردنەوەم داوە، بەڵام هیوادارم بەڵێن نەدەن بەجێگیرکردنمو شوێنی نیشتەجێ بوونم) ئەمەش پلارگرتنە لەقسەکانی دۆقو مەبەستی دەربڕینی ئەو ترسەیە لەوەی ناونیشانی شوێنی نیشتەجێگەی بزانرێ تاکو هەر کاتێك ویستیان یاخود داوایانکرد بیگرن.

قسەوتنی ڤۆڵتێر بەچینی دەسەڵاتدار وایلێکرد فێری شەڕە شمشێر ببێت، بەڵام شۆڕەسواری مەیدانی هەجو پێویستی بەوە نەبوو بەباشی فێری شەڕە شمشێر ببێت، زمانی لەهەمووو شتێکی دیکە تیژتربوو، هەر بۆیە جارێکی دیکە خرایەوە باستیل.

نووسینی دەقی (هەزیادە) وایکرد دەسەڵاتداران ڤۆڵتێر دوورخەنەوە بۆ ئینگلستان، بەمەش سودێکی زۆریان بەڤۆڵتێر گەیاند، چونکە لەوێ کەش‌وهەوای رۆشنبیری ئینگلیزی کاریگەرییەکی

گەورە لەژیانی فیکریو ئەدەبییەکەی دەکات، ئەمەش لەڕێگەی خوێندنەوەی داهێنانەکانی فیکرو زانستی ئەو سەردەمە، وەك داهێنانەکانی "شەکسپیر" و "نیوتن"و "سوێفت" و "بۆب" و "بۆلینگ" و "برۆك"، برۆك زۆر سەرسام بوو بەفکری ڤۆڵتێرو ئەو یاخیبوونە گاڵتەجارییەی کە لەبەرامبەر زانستی تیۆریو فەلسەفدا دەینواند.

ساڵی 1734 پوختەی بیروڕای خۆی سەبارەت بەلێکبووردنی ئاینی لەکتێبێکدا بەناوی (نامە فەلسەفییەکان یاخود نامە ئینگلیزییەکان) خستەڕوو. ئەو کتێبەی بەفەرمانێکی پەرلەمانی فەرەنسی سوتێنرا، ئیدی خانم "دی شاتلید" لەماڵەکەی خۆیو بۆ ماوەی پازدە ساڵ پێشوازی لێدەکات، ڤۆڵتێر بەجۆرێك عاشقی ئەم خانمە دەبێت ناوی دەنێ (نیوەکەی ترم). دوای مردنی خانم "دی شاتلیە" ڤۆڵتێر دەگەڕێتەوە بۆ پاریس. ساڵی 1750 ئیمپراتۆریەتی بروسیا "فریدریکی دووەم" لەڕێگەی دەعوەتنامەیەکی رۆشنبیریانەوە بانگی ڤۆڵتێر دەکات، ڤۆڵتێر دەعوەتنامەکە پەسەنددەکات و پەیوەندی دەکات بە ئیمپراتۆرەوە، لەوێ دوو ساڵونیو دەمێنێتەوەو "فریدریکی دووەم"ڕێزو حورمەتێکی زۆری لێدەگریو یارمەتییەکی باشیدەدات بۆ رێکخستنی شیعرەکانی. دواتر بەهۆی هەندێ مامەڵەی بازرگانی سەرنەکەوتووەوە ئەو پەیوەندییە دۆستانەیە تێکدەچێ، ئەوسا ڤۆڵتێر ناچاردەبێ رابکاتو دیوانی شیعرەکەی پاشاش لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ (جلوبەرگە پیسەکەی هەروەها قسەی سوکیش بەکۆشك دەڵێ)، ئەمەش تاکو دوایی سوکایەتی بە پاشا بکات، بەڵام سەربازەکانی پاشا پێیدەگەنەوەو دەیگرنو ماوەی پێنج هەفتە لەزیندان بەندیدەکەن، پاشان بەفەرمانی کۆشك ئازاد دەکرێ.



ڤۆڵتێر

ساڵی 1750 رۆمانی کاندیدی نووسی، واتە ئەو کاتەی لەترۆپکی پێگەیشتنە ئەدەبییەکەی بوو. (تەمەنی شەست‌وپێنج ساڵ بوو) ئەم رۆمانە وەڵامدانەوەی ئەو مەیلە خۆشبینەبوو کە فەیلەسوفی ئەڵمانی "لایبنتز" داینابوو کە دەیگوت: (لەجیهانێکدا کە لەوە باشتر دروست ناکرێت، هەموو شتێ لەشوێنی خۆیدایە) ئەم قسەیەشی دوای ئەو بومەلەرزەیە بوو کە (لەشبۆنە)ی گرتەوەو دوای شەڕی چوار ساڵەی ساڵی 1756 بوو، پێش ئەم رۆمانە ڤۆڵتێر شیعرێکی گاڵتەئامێز لەسەر "جان جاك رۆسۆ" دەنووسیو تێیدا سوکایەتی بەبیروباوەڕە ئاینییەکەی رۆسۆ دەکات، ئەمەش رۆسۆ زۆر بریندار دەکات.

رۆمانی کاندید چیرۆکی کاندیدی لاو دەگێڕێتەوە کە لەکۆشکی یەکێك لەبارۆنەکان ژیانێکی پڕ خۆشی دەژی. "بانگلۆس" بەخێوکەرو راهێنەری لاوەکەیەو فێری دەکات خۆشیو کەیف‌و سەفا ئەسڵەو غەم‌و پەژارە هیچ

بونێکی نییە، بەڵام بیروڕای بارۆن تەواو پێچەوانەیەو ئەو وایدەبینێ غەمو پەژارە ئەسڵەو خۆشیو کەیفو سەفا شتێکی ئاوەرتەیە.

یەکەم ناخۆشی کە تووشی کاندید دەبێ، ئەو کاتەیە کە بارۆن پێیدەزانی لەگەڵ "کۆنگوند"ی کچیدا دڵداری دەکات، ئیدی لەبەهەشتی کۆشکەکەی دەریدەکات وەك دەرکردنی ئادەم لەبەهەشت. لێرەوە کاندید لەگەڵ مامۆستاکەی دەکەونە سەر جادە، "بانگلۆس" هەوڵدەدا لەکاریگەری کارەساتی لاوەکە کەمکاتەوەو خۆشبینی تێدا زیندوکاتەوە، بەڵام ژیانی دەربەدەری دورودرێژی نێوان وڵاتە زۆرەکانو ئاشکرابوونی دوڕویی خەڵكو پەژارەیی جیهانو دەرکەوتنی رووە رەشو تاریکەکەی، هەڵەی تیۆرەکەی بانگلۆس دەسەلمێنێ، بەتایبەتی دوای ئەوەی کاندید لەلایەن چەتەکانی دەریاوە دەگیرێ. لەبەندییەکەیدا پیاوێکی تورکی پیر دەناسێ، ئامۆژگاری دەکات خۆی بەچاندنی باخچەی ماڵەکەیەوە خەریك بکات، چونکە شەڕ کۆتایی نایەتو لەناونابرێ، ئیدی بەتەواوی لەبانگلۆسی بەخێوکەری بێزار و بێتاقەت دەبێ، بانگلۆس لەنێو رۆمانەکەدا وێنەی فەیلەسوفی ئەڵمانی لایبنتزو جان جاك رۆسۆیە کە ڤۆڵتێر گاڵتە بەبیروڕاو تێزەکانیان دەکات. کاندید ژیانێکی تازە دەستپێدەکاتو دەگاتە ئەو ئەنجامەی زانیارییەکانی بانگلۆس لەغەڵبەغەڵبێك زیاتر هیچی دیکە نییە.

ڤۆڵتێر لەڕۆمانەکەدا رەخنە لەو گەندەڵییە ئەخلاقییە بەرفراوانە دەگرێ کە لەپاریسدا بڵاوببووەوە، هەروەها رەخنە لەنەیارە هاوسەردەمەکانی خۆشی دەگرێ، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی رۆمانەکە لای خوێنەران جێگایەکی شایستەی هەبێت، بەجۆرێك لەساڵی دەرکەوتنیدا سێزدە جار چاپکرایەوەو دوای ئەمەش بەدرێژایی سی ساڵ هەموو ساڵێ چاپدەکرایەوە.

رەخنەگران لەم رۆمانەدا رەخنەیان لەهۆشیاری کەسایەتیەکانو شێوازە سادەو ساکارەکەی گرتووە، دەکرێ ئەم رۆمانە لەنێو چیرۆکە فەلسەفییەکان کە پشت بەرەمزو چاوپیاخشاندنی خێرا دەبەستێ پۆلێن بکرێ. لەگەڵ تێبینی ئەوەی کە دانەر هەوڵو توانایەکی زۆری داوە بۆ دروستکردنی کەسێتییەکانیو هەوڵی داوە ئەم کەسایەتیانە لەڕێگەی جلوبەرگو جووڵەو ژینگەکانیانەوە بگەیەنێتە حاڵەتێکی گونجاو. بەڵام گفتوگۆکان بەخێرایی شێوازە فەلسەفییەکەی خۆیان دەردەخەن.

لەم رۆمانەدا لایەنی گاڵتەئامێز لەمیانەی گێڕەرەوەکەوە دەردەکەوێو ئاشکرا دەبێ، گێڕەرەوە هەوڵدەدا بیسەلمێنێ هەموو شتێ لەجێی خۆیو لەباشترین حاڵەتدایە، کەچی لەهەمان کاتدا کارەساتو نەهامەتییەکان لەبەردەم چارەنووسی کەسێتییەکاندا کۆدەبێتەوە.

رۆمانەکە قسەیەکی رەخنەگر (باختین)مان بیردەخاتەوە کە دەڵێ: (پێکەنین ترس تێکدەشکێنێ) هەروەها ئابڕوی موقەدەسیش دەبا، ئەم رۆمانە گەرچی گەلێك بابەت لەخۆدەگرێ، لەگەڵ ئەوەشدا ڤۆڵتێر سەرکەوتوانە لەیەکەیەکی بابەتیانەدا یەکانگیریکردون، شێوازە پێکەنیناوییەکەشی لەڕستە کورتەکانو موفرەدە دووبارەبوەکاندا بەدیدەکرێ، ئەمەش بۆ دروستکردنی کاریگەری تایبەتە. لەم میانەشدا جیناسو خوازەو ئیدیۆم بەکاردەهێنێ. شێوازی نوسینەکەشی بەهەڵبژاردنی وشەو دەستەواژەی گونجاو لەشوێنی تایبەتی خۆیاندا جیادەکرێتەوە، بەجۆرێك ئەم رۆمانە لەپاڵ رۆمانی (زادیگ) بەدرەوشاوەترین هونەری چیرۆکنووسی ڤۆڵتێر دادەنرێت.

ڤۆڵتێر ڕۆمانی (کاندید)ی لەسویسرا کە مەنفایەکی ئیختیاری خۆی بوو نووسی، ئەمەش دوای تێکچوونی پەیوەندییە دۆستانەیەکەی لەگەڵ ئیمپراتۆر فریدریکی دووەم. ئەو ڕەشبینییەی ڤۆڵتێر لەکاندیدا گوزارشتی لێکردووە" ڕەشبینییەکی زۆر تاریک نییە، بەڵکو جۆرێکە لەگەڕانەوەی هاوسەنگی بۆ خۆشبینی زیاد لەپێویست لەتیۆرەکەی لایبنتز.

ڤۆڵتێر بەدرێژایی هەشتاوچوار ساڵی ژیانی دەیان کتێبی لە بواری فەلسەفەو مێژوو ئەخلاق و ڕۆمان‌و چیرۆک‌و شانۆنامەو شیعرو ئەدەبیاتی نامە نوسیووە، هەروەها کۆمەڵێ کتێبی تریشی هەیە لەوانە (قاموسی فەلسەفی)و (یاسای سروشتی)و (قسە ناشرینەکانی دکتۆر ئەکایا)، ئەم کتێبەی دواییان لەپشت ڕاکردنی ڤۆڵتێرەوە بوو لەدەست فریدریکی دووەم بۆ شاری "فرنای" لەسویسرا. ڤۆڵتێر پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ پاریس دوا ساڵەکانی ژیانی لە شاری "فرنای" بەسەربرد، گەڕانەوەشی بۆ پاریس گەڕانەوەیەکی سەرکەوتووبووە. ساڵی 1778 کاتێ ڤۆڵتێر لەسویسراوە گەڕایەوە بۆ پاریس، لەیەکێك لەشانۆکانی پاریسدا بۆ جاری شەشەم شانۆنامەیەکی ڤۆڵتێر نمایش دەکرا. کە ڤۆڵتێر دەچێتە ژوورەوە دەستدەکرێ بەچەپڵەلێدان، دواتر یەکێك لەئەکتەرەکان چەپکێ گوڵ دەکاتە ملییەوە، ئیدی لەخۆشیا چاوانی پڕدەبن لەفرمێسك، پاشان پەردە لەسەر نیوە پەیکەرێکی لادەدەن‌و لەهەموو لایەکەوە دەکەونە چەپڵەو هوتاف کێشان، ڤۆڵتێریش دەڵێ: (ئێوە دەتانەوێ بەم خۆشی و بەرز ڕاگرتنەم بمکوژن). دوای سێ مانگ لەگەیشتنی بۆ پاریس لەساڵی 1778 کۆچی دوایی دەکات.

دەسەڵاتداران لەبەر ناڕەزایی پیاوانی ئایینی، ڕێگەیان نەدا قسە لەبارەی مردنەکەی ڤۆڵتێرەوە بکرێ یاخود شانۆنامەکانی نمایش بکرێ، ، دوای هەوڵ‌و ماندوبونێکی زۆر کەسوکارەکەی توانیان تەرمەکەی لە"شامیانی" بەخاك بسپێرن‌و تاکو ساڵی 1791 تێیدا مایەوە، پاشان تەرمەکەی گواسترایەوە بۆ گۆڕستانی پیاوە مەزنەکان لە"بانشیون" لەپاریس.

**سەرچاوە:**

**بیان الکتب – احمد عمر** 2005/10/3

**ئەو شاعیرەی مرد تاکو شیعر بژی**

**نووسینی: هاشم ساڵح**

**و: هەورامان وریا قانع**

فیکرەی ئەم کتێبە کە بەم دواییانە لەپایتەختی فەرەنسا دەرچووە، فیکرەیەکی جوانە، ڕەنگە زیاد لەجوانیش بێت. ئەم کتێبە لەدوتوێی لاپەڕەکانیدا بیروڕای شاعیرو فەیلەسوفە گەورەکانی سەبارەت بە(ئارسەر ڕامبۆ) لەخۆگرتووە. ئاشکرایە ئەم شاعیرە کە لە موعجیزە دەچێت، بووەتە دیاردەیەکی جیهانی نەك تەنها فەرەنسی، تا ئێستاش لەکۆمەڵێ شتدا خەڵکی سەرسام دەکات، یەکێ لەوشتانە لەتەمەنی پازدەساڵیدا، واتە هەر لە منداڵییەوە

بەهرە و دروشانەوەی شیعری تیادەرکەوت، ئەمەش لەمێژوودا وێنەی نییە، تەنها مۆزارت نەبێ لەبواری مۆسیقادا. دووەم شت لەتەمەنی نۆزدەساڵیدا یاخود لەبیست ساڵیدا دوای ئەوەی شۆڕشێکی رادیکاڵانەی لەشیعردا بەرپاکرد، وازی لەشیعری هێنا: واتە لەکاتێکدا وازی لەشیعر هێنا کە لای هەندێ کەسی دیکە تەمەنی دەستپێکردنی نووسینی شیعرە یاخود پەخشانە، ئەمە گەر دەستیان پێکردبێت.

دواتر وەك بێدەنگی گۆڕەکان بێدەنگ بوو، هەروەها بەدرێژایی ئەو بیست ساڵەی دیکە کە لەژیاندا مابووی، رازی نەبوو یەك دێڕە شیعری دیکە بنووسێت. بگرە بەتەواوەتی پشتی کردە شیعرو وەك ئەوەی هەرگیز بەلایەوە گرنگ نەبووبێت. لەوەش زیاتر، رازی نەبوو بایەخ بەشیعرەکانی خۆی بدات یاخود کۆیانبکاتەوە یان بڵاویانبکاتەوە، مەبەستی بوو شیعرەکانی خۆی لەناوبەرێ‌و لەسێدارەیان بدات، وەك ئەوەی هەرگیز شیعری نەنووسیوەو بەدرێژایی ژیانی سەرەتای گەنجییەتی بیری لێنەکردبێتەوەو سەرقاڵی نەکردبێت. ئەمە لەکاتێکدایە ئەوانیتر پەلەو هەڵپەیانە دیوانەکانیان بڵاوبکەنەوە، کەچی رامبۆ دەیویست دیوانەکانی لەتوپەت بکاو لە وجودا بیانسڕێتەوە.

ئا بەم جۆرە دابڕانێك لەژیانی ئەم پیاوەدا کە ناوی (ئارسەر رامبۆ)یە روویدا، کاتێ لەگەورەترین شاعیری سەدەکانی مۆدێرنەوە گۆڕا بۆ کەسێك ئیشی بووە فرۆشتنی قاوەو پێستەو چەك‌و چۆڵ لەشاخەکانی (حەرار)و ئەسیوبیاو عەدەن. بووە کەسێك هیچ پەیوەندییەکی بەکەسەکەی پێشترەوە نەمابوو. لە(حەرار) کاتێ زانیان رامبۆ کێیەو رابردووە شیعرییەکەیان بیردەخستەوە، زۆر پەست دەبوو، هەوڵیدەدا خۆی لەهەموو پرسیارەکان بدزێتەوەو نەفرەتی لەهەموو ژیانی پێشتری دەکردو شیعرەکانیشی بە(خڵتە) وەسف دەکردو ئەو قۆناغەشی بەپیسترین و بەدترین قۆناغ ناودەناو لەخەڵك دەپاڕایەوە هەرگیز سەبارەت بەو قۆناغە پرسیاری لێنەکەن. بەم شێوەیە وتە بەناوبانگەکەی خۆی بەسەردا سەپا کە دەیووت: (من کەسێکی دیکەم.. من من نیم).

داخۆ رۆشنبیرە گەورەکانی جیهان سەبارەت بەم (راگوزەرە گەورەیە) کە گوزارشتێکی (ماسۆرمێیە)یە دەڵێن چی؟ ئەم کتێبەی بەردەستمان وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە. بەداخەوە من ناتوانم هەموو وەڵامەکانیان پێشکەش بکەم، چونکە ئەوە پێویستی بەدەیان بگرە بەسەدان لاپەڕە هەیە. بۆیە تەنها لەسەر وەڵامی هەندێکیان رادەوەستم.

سەرەتا وەڵامی "ئەنتۆنیۆ ئارسەر" پێشکەش دەکەم، ئەو شێتە مەزنەی کە رەنگە لەڕامبۆ گەیشتبێت یاخود بگاتە ئاستی ئەو. ئەنتۆنیۆ ئەم پەرەگرافە تاك و تەنهایە دەڵێ: (جیرار دەرنیفال، ئەدگار ئالان پۆ، بۆدلێر، لۆتەر یامون، نیتچە، ئارسەر رامبۆ نە لەبرساندا، نە بەنەخۆشی، نە لە بێزارییەکی کوشندە، نە لە نەبونیەکی لەڕادەبەدەردا مردن، بەڵکو ئەوان مردن چونکە دەیانویست بیانکوژن!).

مەبەست لەوەش ئەوەیە کۆمەڵگا ئەوانی کوشت‌و رامبۆش خۆی خۆی کوشت، چونکە کۆمەڵگا لەحەقیقەتی ئەوانە تێنەگەشتبوو، یاخود بڵێ تەنها دوای ئەوەی کار لەکار ترازا لێیان تێگەیشتبوون. لەدیدی ئارسەر رامبۆدا کۆمەڵگا تاوانبارێکی بێ بەزەیی‌و بێ رەحمەو ناتوانێ لەبلیمەتەکان تێبگا، هەر بۆیە ئەو بلیمەتانە دەگۆڕدرێن بۆ شێت یاخود لایەنی شیعری خۆیان دەکوژن، وەك ئەوەی رامبۆ ئەنجامیدا.

"پۆل ڤێرلین" کە لەهەموو کەس زیاتر رامبۆ دەناسیّو گەر ئەو نەبوایە ئەوا شیعرەکانی بۆ هەتا هەتایە بزردەبوون، ئەم دەستەواژەیە دەنووسیّ: (نە فریشتە بوو نە شەیتان، بەڵکو ئەو ئارسەر رامبۆ بوو، واتە شاعیرێکی مەزنو گەورە).

"مارسێل برۆست" خاوەنی رۆمانی بەناوبانگ (گەڕان بەدوای زەمەنی بەسەرچودا) دەڵیّ: (ئەو حاڵەتێکی تایبەتی و ئاوارتەیەو، وەك بڵێی لەسەروی ئادەمیزادەوەیە!).

دواتر "مارسێل برۆست" دان بەوەدا دەنیّ کە دایکی یاخود باپیری حەزیان نەکردووە بکەوێتە ناو ئەو دۆزەخە گەورەو ئێشو ئازارە ترسناکەی کە رامبۆ و بۆدلێر و ئەدگار ئالان پۆ و ڤێرلین کەوتنە ناوییەوە.

"لویس ئاراگۆن" سەبارەت بەڕامبۆ دەنووسیّو دەڵیّ: (لەسپێدەی یەکێك لەبەیانیە خەمبارەکاندا کتێبی (ئیشراقات)م کردووە، بینیم روخسارە نائومێدەکەی ژیان لەبەردەممدا رەوییەوە).

"عەزرا پاوەند" لەو باوەڕەدایە (شیعر دوای رامبۆ یەك هەنگاوچییە نەچووەتە پێش، یاخود بڵیّ تۆزقاڵێکی زۆر کەم چووەتە پێش) ئەمەش گەورەترین مەدحە بۆ رامبۆ.

"بێر جان جۆن" ئەم پەرەگرافە پڕ دەلالەتەو دواجار راستە دەڵیّ: (شتێکی ئاشکراو بەدیهی هەیە، رامبۆ ژیانی خۆی گلاۆکردو تێکی شکاند تاکو لەشیعرەکانیدا پاکژی رەها بەدەست بێنیّ. رامبۆ مرد تاکو شیعر بژی).

بەمانایەکی تر رامبۆ قوربانیدا بەژیانی شەخسیو تایبەتی خۆی تاکو چەند شیعرێك بنووسیّ کە لەبەرائەتی رەها نزیك ببێتەوە. لە(بەشێك لەدۆزەخ) رامبۆ ئەم پەرەگرافە دەنووسیّ: (ئەو کەسەی دەیەویّ خۆی تێکبشکێنیّ کەسێکی گوناهبارو نەفرەتلێکراوە، مەگەر وانییە؟) رامبۆ خودی خۆی تێکشکان، پێی پیانا، تاکو شیعر بباتەوە.. فلوبێر و هەموو بلیمەتە گەورەکانی دیکەش هەروایانکرد، هەموو ژیان لەبەردەم تەنها چرکەیەکی داهێناندا هیچ نییە. لەهەمان دیوان و بەدروستی لەلاپەڕەکانی دوایدا، ئەم پەرەگرافەی دیکە دەنووسیّ کە گوزارشتە لەسەختی ئەو جەنگە دەرونییەی کە رامبۆ لەگەڵ خۆیدا تێیدا دەژیا، ئەم پەرەگرافە بەسەر بۆ ئەوەی یادی وەك شیعرو وەك فیکر بەرز راگیریّ: (جەنگ لەگەڵ خود ترسناکترە لەجەنگ لەگەڵ پیاوانی تردا) لەمەوە ئەو دەرئەنجامە بەدەست دەهێنین کە هەر شاعیرێك لەگەڵ خۆیدا نەکەوێتە جەنگێکی قورسو سەخت ناتوانیّ لەدیستۆفسکیو بۆدلێرو رامبۆ و ئەنتوان ئارتۆ و نیتچە و رینییە شار بگات. بەم مانایە دەکریّ زۆربەی ئەدەبەکەمان بەبیّ گرفت فڕێدەینە زبڵدانەوە.

"جان پۆل سارتەر" تەواوێك راستی پێکاوەو قوڵترین شیکاری بۆ دیاردەی رامبۆ پێشکەش کردووە کاتیّ لەگەڵ بۆدلێردا بەراوردیان دەکات، بێگومان بۆدلێر بلیمەت بوو، بەلاّم لەموغامەرەی داهێنانە شیعرییەکەیدا لەناوەڕاستی رێگاکەدا رادەوەستیّ، دواتر پاشەکشە دەکاتو پەشیمان دەبێتەوە، لەعاقیبەتی ئەو موغامەرە شیعرییە شێتانەیە دەترسیّ گەر بێتو بەردەوام بێتو تاکو کۆتایی لەگەڵیدا بڕوات، بۆدلێر تووشی ترسو دڵەڕاوکە دەبیّ کاتیّ هەست دەکات کە لەسەردەمو هاودەمەکانی بەتەواوی دادەبڕیّ، بەلاّم رامبۆ نەدەترسیّو نەپەشیمانیش دەبێتەوە. ڕامبۆ خۆیدەهاوێتە ناو موغامەرە شیعرییەکەیەوە، ئیدی دەرئەنجامو رەنگدانەوەی ئەو خۆهاویشتنە هەرچییەك بێت بەلایەوە گرنگ نییە. تەنانەت گەر ئەو خۆهاویشتنە بیگەیەنێتە شێتی تەواو یاخود ببێتە هۆی دابڕانێکی رەها لەگەڵ سەردەمو هەموو

جیهان، بەم مانایە رامبۆ لەبۆدلێر ئازاترو جەربەزەتر بووە، رامبۆ گەورەترین شاعیری ئازاد و سەرکێش بووە لەمێژوودا. لێرەوەیە شیعری پڕە لەبارگەیەکی ناکۆتا لەئازادی، هێزی راکێشانی شیعرەکانی کە ناتوانین خۆمان لەبەردەمیدا راگرین و تاکو ئێستاش سەرسامامان دەکات هەر لێرەوەیە.

"میشێل بۆرتۆر" ئەم پەرەگرافە جوانە سەبارەت بەرامبۆ دەڵێ: (مەحاڵە حەقی قسەکردنی بدەینێ، لەوەش مەحاڵتر ئەوەیە حەقی قسەکردنی نەدەینێ، چونکە ئەو تا ئەبەد بۆ ئێمە قسەی کردووەو لەناوەوەی هەر یەکێکماندا قسەی کردووە).

"سێوارن" وەك عادەتی خۆی لە ئاژاوەنانەوەو گێچەڵکردن، قوڵترین لێکدانەوە بۆ بێدەنگی رامبۆ دەکات و دەڵێ: (هیچ شتێ لای رامبۆ چاوەڕوانکراو سروشتی نییە، تەنها (بێدەنگییەکەی) نەبێت. ئەو لەکۆتاییەوە دەستپێکرد، بەیەك جار گەشتە دوا سنوری خۆی، ئەو نەیدەتوانی ئەو سنورە ببڕێ گەر خودی خۆیو داهێنانەکانی پێشووی رەتنەکردایەتەوەو حاشای لێنەکردنایە، ئیدی بێدەنگ بوو، کارێکی باشی کرد کە بێدەنگ بوو. گەر هەشتا ساڵی بژیایە، ئەوا ناچار دەبوو قسەو باسی لەسەر شیعرەکانی بکردایە، لەسەر تەقینەوە شیعرییەکانی سەرەتای، دواتر دەبوایە بەردەوام لێکدانەوەی بۆ بکردنایە، ئەودەمیش گەورەترین تاوانی لەمێژودا جێبەجێ دەکرد، تاوانێك دەگەشتە ئاستی سوککردن و ناحەقیکردن بە شیعر).

بەم جۆرە دەبینین بێدەنگی رامبۆ هەموو کەسێکی بێزارکرد تەنها سێوران نەبێ! بەڵام ئایا سیوران راست ناکات؟ ئایا رامبۆ لەماوەی چوار یان پێنج ساڵی تەقینەوە شیعرییەکانیدا هەموو ئەو شتانەی نەبەخشی کە دەبوایە بیبەخشێ؟

ئایا خۆی دووبارە نەدەکردەوە وەك زۆرێك لەو شاعیرانەی ساڵانە بەشیعرو دیوانەکانیان گەمارۆمان دەدەن و گەر سەد ساڵیش بژین ئەوا هەر خۆیان دووبارە دەکەنەوە؟ ئایا پێویست نییە لەسەر شاعیرەکان بزانن کەی لەنووسینی شیعر رادەوەستن، بۆ ئەوەی زەرەر بەمەسەلەی شیعر نەگەیەنن، بۆئەوەی شیعرەکانیان دووبارەو سێ بارە نەبێتەوە؟ ئامۆژگارییەکە بۆ شاعیرە مەزنەکانی عەرەب، ئەوانەی مەزن بوون. رامبۆ کارێکی باشیکرد کاتێ بێدەنگ بوو، ئەو کەرامەتی بەخشییە شیعرو بەرائەتی بەخشییە داهێنان کە هیچ خڵتەیەك لەخۆناگرێ.

ئێستا دەچمە سەر بیروڕای "ئۆکتا فیوباز" کە نابێ هەروا بەئاسانی بەسەریدا تێپەڕم.

باز دەڵێ: (رەنگە ئەوەی لەواقعی ئێستادا بۆ یەکەمجار شێوە دۆزەخییەکەی یاخود بازنەییەکەی بزاوتی مێژووی بینیبێ، رامبۆ بووبێت. ئەو تەنها بەمانای مەجازی وشەکە نەیبینی، بەڵکو بەمانای حەرفی وشەکەش بینی. ئیشەکانی بریتییە لەئیدانەکردنی کۆمەڵگای مۆدێرن، کۆمەڵگای (پیشەسازی، ئالی، جەماوەری وەك مێگەل)، بەڵام لەدیوانە کۆتاییەکەیدا (بەشێ لەدۆزەخ) دەستیکرد بەئیدانەکردنی خودی شیعر! دوای دیوانی "بەشێك لەدۆزەخ" چیتر ناتوانین تاقە شیعرێك بنووسین گەر هەست بەگوناهو ئازاری ویژدان نەکەین، ئایا نووسین دوای رامبۆ نەبووەتە کارێکی سەخیف یاخود درۆزن؟ ئێمە دوو هەڵبژاردنمان لەبەردەمدا بوو کە رامبۆ هەردووکیانی جێبەجێکرد: یان دەستکردن بوو بە ئیشوکار و رۆچونە نێو ژیانی رۆژانەوە "ئیشکردن لەحەرار و یەمەن"، یاخود نووسینی دواهەمین قەسیدە کە وەك کۆتایی هێنانە

بەشیعر. دەڵێن شیعری تازە شیعرێکە بۆ شیعر، لەوانەیە ئەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە راستبێت، بەلاَم لەدەستپێکردنی "بەشێك لەدۆزەخ"ەوە شاعیرە گەورەکانمان تێکشکاندنی شیعریان کردووە بەبەرزترین شێوازی شیعری. شیعرەکانیان بووەتە رەخنەگرتن لەئەزمونی شیعری، لەزمان و مانا، رەخنە لەشیعر یاخود لێکهەڵوەشاندنەوەی شیعر، ئیدی زمانی شیعری لەرەتکردنەوەی ئاخاوتنەوە گەشەی دەکرد، بەم جۆرە بازنەکە لەهەموو لایەکەوە گەمارۆی داین، بەمانایەکی دیکە چیتر هیچمان لەبەردەما نەما تەنها بێدەنگی نەبێت).

ناتوانم هیچ شتێ لەسەر قسەکانی ئۆکتافیوباز بڵێم، چونکە دەترسم عەقڵم لەدەست بدەم یاخود ئەوەندە عەقڵەی کە ماوەمە لەدەستی بدەم، ئەمە ئەگەر شتێکم مابێ.

"جۆرج باتای" سەبارەت بەنەخۆشکەوتنی ئارسەر رامبۆ قسەدەکاتو ئەم پەرەگرافە نایابە دەنووسێ کە تەنها فەیلەسوفەکان دەتوانن بینوسن، ئەوانەی دەزانن لەکوێدا سنوری شیعر کۆتایی دێت تاکو سنوری فەلسەفە دەستپێبکات. جۆرج باتای دەڵێ (گەورەیی رامبۆ لەوەدایە شیعری بەرەو فەشەلهێنان بەشیعر برد، شیعری بەرەو دوا سنوری خۆی برد کە ئیدی لەدوایەوە هیچ سنورێکی دیکە نییە، ئەودەم زانی شیعر ئامرازێك نییە خود بتوانێ لەناسینی خۆیدا بەکاری بهێنێ).

بەمانایەکی تر ئەو مەعریفەیەی شیعر بەرهەمی دەهێنێ بەس نییە، بەڵکو دەبێ مەعریفەی فەلسەفی تەواوی بکات، ئا بەم جۆرە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو ململانێ ئەزەلییەی نێوان شیعرو فیکر: کامیان گرنگترەو لەکوێدا پێکدەگەنو لەکوێدا لەیەك جیا دەبنەوە. لێرەدا دەچینە ناو وێڵگەیەکەوە کە عەقڵ بەرەو شێتبوون دەبا.

ئیدی لێرەدا دەوەستمو ئەوەی رینییە شار و رۆلان پارت و برێخت و مۆریس بلانشۆ و ئەلبێرت کامۆ و بۆرخێس و ئەندرێ بریتۆن و ئیف بۆنفدا و جان جینییە و مارتن هایدگەر و ئەوانی دیکە سەبارەت بەرامبۆ نووسیویانە پشتگوێ دەخەمو داوای لێبوردنێکی زۆریش لەخوێنەر دەکەم بۆ ئەو تاوانەی بەبێ ویستی خۆم ئەنجامم داوە، بەلاَم ناتوانم کۆتایی بەم وتارە بێنم پێش ئەوەی شتێك لەرامبۆ خۆیەوە وەرنەگرم، سەرەتاکەشی ئەم دێڕەیە کە خەریکە دەمکوژێ:

(ئەفسوس، شیعرم باڵەکانی خۆی پێچایەوە)

<u>سەرچاوە:</u>

شرق الاوسط 2006/1/4